# دەروازەیەك بۆ كۆمەڵناسیی سیاسی

ن . مۆریس دۆڤێرجێ

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە . بابان حەمە

**تێبینی/ ئەم بابەتە لێكۆڵینەوەیەكی تیۆری و زانستی - كۆمەڵناسیە كە نووسەرەكەی, واتە (مۆریس دۆڤێرجێ), لە شێوەی پێشەكیدا بۆ كتێبەكەی، واتە (زانستی كۆمەڵناسیی سیاسی) نووسیوە و تیایدا هەندێ ئاماژەی بە ناوەرۆكی كتێبەكەی داوە. (و.كوردی)**

SUMMER / AUTUMN 2004
هاوینی ٢٧٠٤

## ئاگاداركردنەوە:

چەمكی هەریەك لە زانستی سیاسی و زانستی كۆمەڵناسی سیاسی، هاومانابییەكی نزیكیان هەیە. زۆرێك لە زانكۆ ئەمریكاییەكان باس لە هەمان ئەو بابەتانە دەكەن كە زانستی سیاسی لە چوارچێوەی بەشی زانستی سیاسیدا چارەسەریان دەكات و زانستی كۆمەڵناسی سیاسیش لە چوارچێوەی بەشی زانستی كۆمەڵناسیدا چارەسەریان دەكات. بەڵام لە وڵاتی فەرانسەدا، مانای كۆمەڵناسیی سیاسی وا لێكدەدرێتەوە كە بەشێكە لەگەڵ ئەو میتۆدە یاسایی یاخود

فەلسەفیەی کە باڵکێشانێکی درێژی بەسەر زانستی سیاسیدا هەبووە و توانستی شیکردنەوەش تیایدا بە هۆی میتۆدە زۆر زانستیەکانیەوە ئەنجام دەدرێت. ئەم جیاوازیانەش لە رووی کرداریەوە گرنگیەکی ئەوتۆی نیە.

ئەو داخرانە کۆمەڵایەتیە و ئەو نیشانە و ناسینەوانەی کە لە لایەن مامۆستایان و لێکۆڵەرانەوە خراونەتە سەر ئەم زانستە، بەرەو جیاوازیەکی راستەقینەیی سەر دەکێشێ. زانستی سیاسی، مانای نزیك بوونەوەیە لە زانستی دیاردە سیاسیەکان، کە لە ئێستادا لە گۆشە نیگای هەریەك لە رێکخراوە یاساییەکان و مێژوو و جوگرافیای مرۆیی و ئابووری و زانستی دانیشتووان و... هتد، دەپشکنرێت. لە هەمان کاتیشدا لە گۆشە نیگای زانستی کۆمەڵناسیی پەتیەوە دەپشکنرێت و بە پێچەوانەشەوە. زانستی کۆمەڵناسی سیاسی، مانای ئەو نزیکبوونەوە تایبەتیە دەگەیەنێت کە لەگەڵ زانستی کۆمەڵناسی پەتیدا هەیەتی. بەم مانایەش، روانگە سەرەتایی و گشتیەکانی زانستی سیاسی، پێویستە سێ بواری بناغەیی بگرێتەوە: یەکەمیان ناساندن و زانینی شیکردنەوەی کۆمەڵناسیانەیە لە بواری سیاسیدا. دووهەم: لێدوانە لە دامەزراوە سیاسیە باڵاکان. سێهەمیان توێژینەوەیە لەسەر رێکخراوە سیاسیەکان (کە پارت و فشارایەتیەکان دەگرێتەوە). هەریەکە لەم بوارە بناغەییانە لە زانستی سیاسیدا، بابەتێکی پێکهێنراوی جیاکراوەن لەوانیتر.

ئەم کتێبە پەیوەستە بە بواری یەکەمەوە[1]. ئەگەر ئێمە ناونیشانی (زانستی کۆمەڵناسی سیاسی)مان بەم کتێبە بەخشی، ئەوە بە تەنها بۆ ئەوە نیە کە جیامان کردبێتەوە لەو کتێبە دەستپێشخەرەی ساڵی ١٩٦٦ چاپمان کرد، کە باسکردنەکانی لەم کتێبەدا بەرزتر بەرچاو خراونەتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە چارەسەری خودی ئەو بابەتانە لە روانگەیەکی تەواو جیاوازەوە بکرێت. جگە لەوەی کە دەبێت وردبینی بکرێت لەو دیاردە سیاسیانەی کە چارەسەریان لە گۆشە نیگای کۆمەڵناسیەوە دەکرێت، هەروەك چۆن دەشبێت وردبینی بکرێت لەو چەمك و میتۆدانەی کە ئاشنایەتیان لەگەڵ بواری کۆمەڵناسیدا هەیە، کاتێ لە میانەی دیاردە سیاسیەکاندا بە شێوەیەکی سەرەکی کۆتایی بە چارەسەر کردنەکانی دێنێت.لێرەشدا مەبەست  ئەوەیە کە راهێنانێکی گشتی لەسەر زانستی کۆمەڵناسی بکرێت کە هاو گونجاندن لەگەڵ بوارە سیاسیەکەدا دروستی بکات. ئەمەش لە باس و پێگەی دیاردە سیاسیەکاندا کە لە پوختەی کۆمەڵگادا رەگەزێك پێك دەهێنێت کە جودا بوونەوەی لەو رەگەزە شتێکی نەشیاوە. ئەمەش ئەو شتەیە کە دەستی لێ هەڵناگرین بۆ تێگەیشتنی. بە دڵنیاییەوە، ئەو مەترسیە شاردراوەیەی کە رووبەڕووی پسپۆڕانی کاروباری سیاسی دەبێتەوە، ئەویە کە کۆششی دانەرانی زانستی کۆمەڵناسی گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز و باڵا، لە کاتێکدا کە بیرمەندانی زانستی کۆمەڵناسی وای لێك دەدەنەوە کە هێشتا ئەمە بەس نیە، هەرچەندە ئێمەش هەروامان کردووە.

---

1پوختەی لایەنی شاردراوەی بابەتەکەیە , کە توانستەکتنی شیکردۆتەوە بۆ زیاتر نزیك بوونەوە لەو نێوەندە زانستییە , لێرەشدا ناونیشانێکی ناوەندی دیگەی هەیە ئەویش ( پرەنسیبەکانی زانستی رامیارییە ) .

بەلاّم کتێبی دووەم :

(M.duverger, Imstitutions Politques Et droit coustitutionnel, I. Les grandes sys temés politiques, Ii lesysteme boltique francais.le Ed1973.

لە بەشی شەشەمیدا بە زانستی کۆمەڵناسی سیاسیدا فراوان دەبێتەوە , کە زیاتر لە ڕوانگەیەکی تەکنەلۆژیانەوە دەروانێت .

لەکتێبی سێیەمیش :

(M. duverger.organisitions politiques: parts Et groupes Pression, sous Press)

لە بەشی چوارەمیدا بە زانستی کۆمەڵناسی سیاسیدا فراوان دەبێتەوە , لەهەمانکاتیشدا دەبێتە تەواوکەری کتێبی پێشوو و ئەوە لێکدەداتەوە کە پارتەکان و فشارایەتییەکان رۆلێکی گرنگ دەگێرن لە کارکردنیاندا , لە نێو دامەزراوە سیاسییە نوێیەکاندا .

بەڵام ئەوەی گومانی تیانیە ئەوەیە کە ئێمە نەمانتوانی خۆ دوورەپەرێز بگرین لەو کەلێن و کەم و کورتیانەی لەسەر ئاستی میتۆددا هەبوون. ئەگەر بۆچوونی بیرمەندانی کۆمەڵناسی ئەوە بێت کە نووسەری ئەم کتێبە، لەمیانەی کاروباری کۆمەڵناسیدا شتێکی ناپسپۆڕانەی خستۆتە بەردەست، ئەوە شتێکی ئاساییە، هەروەك چۆن دەبینرێ کە زۆرجار شایەنی سەرزەنشتکردنی خۆیانن لە چارەسەرکردنیان لە بوارە سیاسیەکەدا. خۆی جەوهەری شتەکە دروست کردنی پردێکە لە نێوان زانستەکاندا، هەتا ئەگەر ئەو پردەش بونیاد نرا و لە لایەك لە لایەکانەوە نەبێت، نەزانرا باش جێگیر بکرێت، ئەوە دەتوانرێت لە ئاراستە کردنەوەیەکی دیکەیدا راستکردنەوەی تیا ئەنجامدرێت. هەربەم هۆیەشەوە، دەوڵەت و سیاسەت بە گوێرەی زانستی کۆمەڵناسی کە دوو رەگەزە زۆر سەرەکیەکانن کە بە هۆی شتە نزیکەکانی دەوروبەریانەوە نەبێت ناتوانرێت شتەکات تیا بەدەست بخرێت، ئەوا ئەو پشتگوێ کاری و فرت و فێڵەش کە لە لایەن بیرمەندە بەڕێزەکانی کۆمەڵناسیەوە دەکرێ، لە کۆتاییدا گەورەترین زیان بەو گرنگێتیە دەگەیەنێت کە ئێمە پێی دەبەخشین، کە ئەو گرنگێتیەش نزیك کەوتنەوەیە لە زانستە فراوان و راستەقینەکەی کۆمەڵناسی.

لێکدانەوە و مانای ئەم کتێبە لەم شێوە تازەیەدا، ئاراستە کردنە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ئاشنای توانست و سنوورە شیکاریەکانی زانستی سیاسی بن و هەر لەم بارەیەشەوە ئەم کتێبە بۆچوونەکانی خۆی یەکلایی کردۆتەوە. هەرچەندە قوڵبوونەوە و باس و خواسی هەندێك لەو کتێبە بناغەییانە نین کە بە فراوانی ئاماژە بە راستکردنەوەی لاسەنگیەکان دەکەن. بەڵام یاریدەدەرە بۆ ئاشنا بوونێکی سەرەتایی لە جیاوازی دیاردەکانی نێو دونیا پڕ لە مەعریفەکەی زانستی کۆمەڵناسی و ئەو پەیوەندیانەی کە لە دیاریکردنی سنووری سیاسیی پوختەی شتەکانیدا ناتوانێت لێیان جیا بێتەوە.

ئەم کتێبە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئاستی زانکۆدا شەقڵێکی تایبەتمەندی هەیە، بۆ سێ چین لە قوتابیان: یەکەمیان بۆ ئەو قوتابیانەی لەسەر ئاستی زانکۆدا بڕوانامەی ماف بەدەست دەهێنن (D.E.U.G)، ئەمەش بۆ دیاریکردنی پێگە زانستیەکانی زانستی کۆمەڵناسیە لە دامەزراوە سیاسی و یاسایی و دەستووریەکان، کە شتێکە ناکرێت لە تێگەیشتنی دوور بکەونەوە. ئەمە ئامانجێکی زانستی لە پشتەوەیە بۆ زانستە سیاسیەکان کە لە دەقەکەدا تێبینی وردی بۆ کراوە. دووهەمیان، ئەم کتێبە قوتابیان ئاراستە دەکات بۆ خوێندن و قوڵبوونەوە بە دامەزراوە سیاسیەکاندا، کە دەتوانێت یارمەتیان بدات بۆ ناسینی بارە جیاوازەکانی دیاردە سیاسیەکان کە لە تێکڕاییەکی گشتیدا، لە شێوەی بابەتی جیاوازدا دەیخوێنن. سێهەم بۆ ئەو قوتابیانەی لە بوارەکانی زانستی ئابووری و بەڕێوەبردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستە مرۆڤایەتیەکان بڕوانامەیان هەیە، کە بە شێوەیەکی بناغەیی شارەزا بوونیان بە زانستە سیاسیەکان بە شێوە رێکخستنی نوێوە، بۆیان بەردەست خراوە.

ئەم کتێبە ناساندنی رێبازی کۆمەڵناسیە، بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ دیاردە سیاسیەکان. بەڵام لە لێکدانەوەیاندا، نە ئەم و نە ئەویشیان روونکردنەوەی تەواوەتی نین لە سنووری خۆیدا. لە سەرەتادا وەك پێویست، دەستنیشان کردنیانە بە کورتی، ئەوانەی بە دۆزینەوەی رێگا چارەکان هەڵدەستن، پاشان یارمەتیدانی خوێنەر بۆ رزگار کردنی لە مانا گشتیە تەم و مژ و خەیاڵاویەکان، کە ئەمە بۆ ئەم بوارە شتێکی ئێجگار گەورەیە. هەموو خەڵك و نەوەکان وادەزانن، کە دەەزانن کۆمەڵگا و بابەتی زانستی کۆمەڵناسی و سیاسی چیە. گەر بمانەوێ بە شێوە و رێگای کردارەکی چارەسەری ئەمە بکەین، دەتوانرێ بە رەهایی ئەم زانستە ساختەیەی کە هەیە، تێپەڕێنرێت. دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی گشتی و دیاردە سیاسیەکانیش بە شێوەیەکی تایبەتی.

## یەکەم: رێبازی کۆمەڵناسی

پێشنیار کردنی دەربڕینی چەمکی زانستی کۆمەڵناسی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئۆگۆست کۆنت. ئەو لە بەشی چوارەمی لێکۆڵینەوەکەیدا کە تەرخان بوو بۆ فەلسەفەی بابەتی (course de philosophe positive)، بۆ

دەرخستنی زانستی کۆمەڵ بوو. ئۆگۆست کۆنت لەم بوارەدا دەربڕینی (فیزیای کۆمەڵایەتی) بەکار برد، کە بەکار بردنی ئەم دەربڕینە دەچێتە پێش هێزی دوسان سیمۆن (H. desaiut simon) و پێش ئەویش کە (هۆبز)ە. بەڵام ئۆگۆست کۆنت فیزیای کۆمەڵایەتی گۆڕی بە (زانستی کۆمەڵایەتی) چونکە بیرکاری ناسی بێلجیکی (کیتۆلی _ Quetelet) فیزیای کۆمەلایەتی لە خوێندنی هەژمار کردنی دیاردە دروستبووەکاندا بەکار برد لەساڵی ١٩٢٦ و ئەوەی پاڵی بۆ ئۆگۆست کۆنتەوە نا بۆ دەربڕینی (زانستی کۆمەڵایەتی)، کە هەوڵێکی دەرکەوتووی خۆی بوو بۆ خاوەندار بوونی بەم چەمکە.

## أ- زانستی کۆمەڵناسی بەو سیفەتەیەوە کە زانستە:

گەشە کردنی زانستی کۆمەڵناسی پەیوەستە بەو بیرۆکەیەوە کە دەڵێت: دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی دەتوانرێت بە هۆی رێبازە زانستیەکانی خۆیەوە بتوێژرێتەوە کە پێشتر زانستە سروشتیەکان بەکاریان بردبوو. یەکەمجار کە ئۆگۆست کۆنت (فیزیای کۆمەڵایەتی) بەکار برد، بە هەمان شێوە دۆرکهایم داپڕشتەوە بەوەی کە خوێندن و راڤە کردنی واقیعە کۆمەڵایەتیەکەیە (بە سیفەتی ئەو شتانەی کە لە نێویدا هەن). ئەوان توانیان بەوە بگەن کە کۆمەڵناسی زانستە، بە پێوەری ئەو سیفەتانەی کە لە زانستە سروشتیەکەدا هەیبووە، کە دیاردەکان وەك چۆن هەن بەو شێوەیە دادەڕێژرێن کە (چەند حوکمێکی واقیعین) نەك (چەند حوکمێکی بەهایی). ئەم شکڵ و شێوەیە لە عەقڵ و زەینێکی راستەقینەدا دروست بوو. ئەوەی لە رابردوودا هەبوو توێژینەوە و خوێندنی واقیعە کۆمەڵایەتیە جەوهەریەکە بوو لە هەردوو گۆشە نیگای فەلسەفی و ئەفراندنەوە، تەنها (ئەرەستۆ و ماکیاڤلی و جان بودان و بەتایبەتیش مۆنتسکیۆ) نەبێت کە ناچنە ئەو خانەیەوە. ئەوان کۆششیان بۆ ئەوە نەبوو کە کۆمەڵگا بناسێنن لە رووی پێکهاتەوە و ئەوەی بە پێویستیان دەزانی و کردیان، بانگکردن بوو بۆ باوەڕە ئاینی و شتە ئەودیوبوونەکان لە سروشتی مرۆڤ و ئامانج و ژیانیدا. ئەوان هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بە نێو بڕیارە بەهاییەکاندا قاڵ ببنەوە. هەمان ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: (بە پێی سیفەتی ئەو شتانەی کە لە نێویدا هەن) دەتوانرێت مرۆڤ و کۆمەڵگای لێ بتوێژرێتەوە لە رێی کردارەوە، کە پێدەچێت ئەمەش جۆرێك بێ لەو زیادە رۆییە ئاینیە.

ئەوان وای لێکدەدەنەوە و دەردەبڕن کە پێچەوانەییەکی رەها لە نێوان فیکری زانستی کۆمەڵناسی و فیکری سەربەستی مرۆڤدا هەیە. چەمکی زانست لەم کاتەدا دێت شتێکی حەتمی دەسەپێنێ، وا رادەگەیەنێت کە پێدراوی دیاریکراوی (A) بەردەوام بەرەو ئەنجامی دیاریکراوی (B) دەڕوات، لە زانستی یاسادا، مانای ئەوەیە کە ئەم پەیوەندیە کۆتایی پێدێت لە نێوان ئەم دوانەدا. ئەمەش ئەوە فەرز دەکات کە هیچ هێزێك ناتوانێت لەمەدا ببێتە بەرگر بۆ (B) لە (A)دا، وەك پێویست. لەم مانایەوە، بیری یاسایی زانستی کۆمەڵناسی وای دادەنێت کە مرۆڤ سەربەست نیە، چەمکی سەربەستی پێچەوانەیە لەگەڵ چەمکە حەتمیە باوەکەی. ئەگەر مرۆڤ سەربەست بێت، مانای ئەوەیە کە توانات هەیە چارەنووسێك بۆ خۆت دیاری بکەیت. بە لایەنی کەمەوە ئەگەر چارەنووسێکی بەشەکیش بێت، چونکە ناکرێت چارەنوست بە تەواوەتی لەدەرەوەی خۆتەوە مەحکوم کرابێت. زانستی سەدەی رابردوو کە ئینکاری سەربەستی مرۆڤی دەکرد، وای لێکدەدایەوە کە ئەوەی باسمانکرد خەیاڵاتێکی پەتیە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە وابکات بوونی زانست بکرێتە بوونێکی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە خۆیان دەکوتایە نێو ئەو گفتوگۆ فەلسەفیانەی کە کۆتاییان نەدەهات. ئێستا ئەم حاڵەتە تێپەڕی.

لەوانەیە ئێستا حەتمیەت بە رێگایەکی زۆر جیاواز هەست پێ بکەین کە لە شێوەی حەتمیەتی ئامارێك دایە کە دەکرێت. زانست لەم دوا دواییەدا بیری سەربەستی پێچەوانە نەکردەوە بەوەی کە تەنها مانای ئەوە بدات بە دەستەوە کە وەك ئەنجامێکی لاسەنگ دەرکەوێت لەو مەرجە هەست پێکراوانەی کە خودی سەربەستی لە ناوەوە ئەزموونی دەکات. بۆ نمونە ئەگەر بڵێین ٦٠٪ لە پاریسیەکان لە ١٥ی ئابدا پایتەخت بەجێ دەهێڵن، هیچ یەکێکیش لەوان رێگری ئەوە ناکرێن کە لە شارەکەدا بمێننەوە یاخود لەو رۆژەدا زۆریان لێبکرێت سەفەر بکەن. لەم ئامارەدا تێبینی

ئەوە دەکرێت کە هێزی باوی کۆمەڵگا بە ئاسانی پاڵ بە پاریسیەکانەوە دەنێت کە لە رۆژی ١٥ی ئابدا رووەو دەرەوەی پایتەخت سەفەر بکەن، لە کاتێکدا ٦٠٪ لەو خەڵکە پەیڕەو کردنی ئەو هاتوچوونە بە باش دادەنێت جگە لەو سەردان و بەسەرکردنەوەی کە تیایەتی. هەرچەند ئەو بارودۆخەی کۆمەڵگا، کە خەڵك تیایدا ئەزموون دەکات، وا دەکات کە ئەو ئیرادەیە نەگۆڕن، حەتمیەتی ئەو ئامارە کە رەفتارەکانی کۆمەڵ لێکدەداتەوە بە لێکدانەوەیەکی لاسەنگ، جۆرە سەربەستیەك دەبەخشێتە تاکەکانی کە جۆرێکە لە سەربەستیەکی توانراو (سەربەرستیەك کە دەتوانێت هەیبێت).

**حەتمیەتی** ئەم ئامارەی باسکرا، وەك یەکێك لە بنەماکانی کۆمەڵناسی بەکار هات لە یەکەمجاردا، پاشان سنووری زانستی فیزیاشی گرتەوە. ناگەڕێینەوە بۆ ئەو وتەیەی کە دەڵێت رەگەزی دیاریکراوی (A) پێویستە بۆ دەرکەوتنی رەگەزی دیاریکراوی (B)، چونکە ئەو لاسەنگیە دەبینین لە دەرکەوتنی (B)دا کاتێ لە شوێنەواری (A)دا ئەو رێژەیەی بۆ دەردەچێت. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ئەم لاسەنگیە زۆر بەهێز دەردەکەوێت، کاتێك بە نزیکی گریمانە پێچەوانەکان دەبنە بەربەست و رێگر. لەگەڵ ئەوەشدا کە حاڵەتەکە لەو بارەدا جیاواز دەبێت ئەگەر بچینە نێو وردەوە، کە دەکرێت تیایدا گریمانەکان شایانی لێ توێژینەوە بن لە (...B,C,D) لە شوێنکاری بکەری دیاریکراوی (A)دا. لەگەڵ هەموو ئەو گریمانە لاسەنگانەی کە تایبەتە بە هەریەکێك لەو رەگەزانە، زۆر لەوە گەورەتر و ئاڵۆزترە کە بە ئەنجامێك کۆتایی پێبێت.

بەم شێوەیە بە گوێرەی کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەهەم ئەم بیر و باوەڕە گۆڕا کە پەیوەندی بە بەراورد کردنی زانستی کۆمەڵناسی و زانستی فیزیاییەوە هەبوو. لە رابردوودا هەوڵی ئەوە دەدرا کە زانستی کۆمەڵناسی لە ریزەکانی زانستی فیزیادا دابنێن، بەو لێکدانەوەی کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بوونی حەتمیەتی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی حەتمیەتی فیزیاییە کە شتەکان تیایدا رەهان. بەڵام ئێستا، حەتمیەتی فیزیایی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە هەست بکات بەوەی کە بە شێوەیەکی تەواوەتی رەهایە. بەڵام بەو سیفەتەی کە رێژەییە، لە سنوورێکدا لەسەر ئەو لاتەنیشتەدا ماوەتەوە لە حەتمیەتە ئاماریەکەیدا، کە کۆمەڵناسی وێنەکەی خۆی تیا گۆڕی و پێشکەوت.

## ب- مەبەستی زانستی کۆمەڵناسی

**پێناسە** کردنی زانستی کۆمەڵناسی بەوەی کە زانستی توێژینەوەی کۆمەڵە، ئەو پێویستیە دەهێنێتە پێش کە پێناسەی ئەم وشەیە بکەین. زانستی کۆمەڵناسی لە مانا گشتیەکەیدا لە کۆمەڵگاکان پێکدێت یان (کۆمەڵەکان) یان (کۆمەڵایەتیەکان) یان (کۆمەڵبووەکان) یاخود (یەکگرتووەکان)، کە ئەوەش لە پوختەی ئەو تاکانە پێکدێت کە هاوپەیوەستن بە یەکەوە و ئیرادەی پێکەوە ژیانی بە کۆمەڵ کۆی کردوونەتەوە لە پەیمانێکدا یاخود لە خزمایەتی و نزیکایەتیاندا. ئەم چەمکە، ئاراستەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی بەرەو هەڵە بردن دەبات، بەو لێکدانەوەی کە لە لایەکەوە کۆمەڵە تاکێك هەن، لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگایەك هەیە کە لەو تاکانە پێکهاتووە. بیرمەندانی کۆمەڵناسی لە سنوورێك لە سنوورەکاندا ئەم شێوە داڕشتنە رەت دەکەنەوە و وای بۆ دەچن کە تاکەکان بە بەراورد بە کۆمەڵگا لە جم و جوڵێکی بەردەوامدان، لە رووی پەیوەندیشیانەوە، هەموو کردارێکیان کردارێکی ئاڵوگۆڕە. گەر هەریەك لەو دەرەنجامە پەیوەندیەکانی نێوان دوو کەسیش بێت بە لانیکەمەوە، بەڵام بە دەست پێوەگرتنی ئەو پەیوەندیەوە لە کرداردا. کۆمەڵگا کۆی تاکەکان نیە، بەڵکو کۆمەڵگا رێکخستنە لە پەیوەندیە ئاڵوگۆڕەکاندا.

بۆ ئەوەی لە جیاوازی نێوانی ئەم دوو چەمکە تێبگەین، دەتوانین لە شیکاریەکەی (جان پیاجیە) دەست پێبکەین: (پەیوەندی پێك گەیشتنی نێوان کەس و مەبەستێکی مادی، کەسەکە و مەبەستە مادیەکەش لە یەك کاتدا دەگۆڕێت، بەو لێکدانەوەی کە لە دواییدا لێکچوونێك هەیە لە ئەواندا و گونجاندنێکیش دەبێت لە ئەمدا، ئەگەر کرداری ئاڵوگۆڕ هەبوو لە نێوان کەس و مەبەستەکەدا، ئەوا بە دڵنیاییەوە هەر لە دەرگای یەکەمەوە، هەموو کردارە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان تاکەکان، یەکێکیان دەگۆڕێ بە پێی ئەوانیتر، وە هەموو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە دروست دەبێ کە پشت بەستووە بە خۆیان، بەرهەم هێنانێکی تازە، لە سروشتێکی کۆمەڵایەتی تازەدا کە تاك تیایدا

بونیـادی زیهنیـەتێکی نـوێی دانـاوە. وە بـەردەوامی کـرداره ئاڵوگۆڕەکـانی نێـوان دوو کـەس و پاشـان بـۆ گـشتێکی دروستبوو، بە پوختەی پەیوەندیەکانی تاکەکانی خودی ئەو کۆمەڵگایە دادەنرێت. لـە کۆتایـشدا تێگەیـشتن لـە گـشت، بەو شێوە سیفەتەیەوە دەردەکەوێ کە کۆمەڵە تاکێك پێکیان نەهێناوە، بەڵکو بە پێڕەو کردنـی ڕێخـستنە ئاڵوگۆڕەکـان لەوانی گۆڕاوەوە لە هەمان بونیادی خۆیان، پێکهاتووە.(١)

**بیرۆکەی** ڕێکخستنی پەیوەندیە ئاڵوگۆڕەکان، بۆ دوو تێگەی پێچەوانە سەر دەکێشێ لە زانستی کۆمەڵناسـیدا. یەکێکیان دەکەوێتە سەر هێڵی ئەو قوتابخانە ڕواڵەتیە ئاڵمانیـەوە، کـە لـە یـەك کاتـدا لەسـەر هێڵـی قوتابخانـە ڕەفتـار گەراییەکەی (ئەنگلۆ _ ساکسۆنی)یـە، کـە هـەر دووکیـان سـەریان بـەرەو ئـەو کۆمەڵناسـیەتیە بەرتەسـکە کێـشا کـە جەختی لەسەر پەیوەندیە فەردیەکان دەکـردەوە نـەك لەسـەر کۆمەڵـە کۆمەڵایەتیـەکان. (سـیمێل) وای بـۆ دەچـێت کـە کـرداره ئاڵوگۆڕەکـان لـە نێـو تاکـدا، شـێوەکانی جیهـانی کۆمەڵایـەتیت بـۆ دروسـت دەکـات، کـە دەیـەوێت زانـستی کۆمەڵایەتی بە ڕێبازێکی رووت راڤە بکات، هەروەك چۆن لە پێکهاتە فیزیاییەکەیدا شکڵە ئەندازەییە رووتـەکانی راڤـە کرد.(٢) ڤۆن ویس (Von wise) بۆ پەیوەنـدی نێـوان تاکـەکان، هـەوڵی لێکۆڵینـەوەی جۆرێـك لـە (دیـاریکردنی بـڕی وێناکراو)یدا، بە گونجاندنی لەگەڵ ئەو ڕێبازەی کە زیـاتر و وردتـر و بـە بەرنامـەتر بـوو لـەوەی پێـشووتری، کـە کـار و وەزیفـە کۆمەڵایەتیەکـەی بـرد بـەرەو (تـۆڕێکی ئـاڵۆز لـە پەیوەندیـەکانی خـەڵکی(٣) ). دەتـوانین لەسـەر قوتابخانـەی ڕەوشتگەرایی ئەوە بڵێین کە جۆرێك لە گۆڕینی دروست کـرد لـە دیـاریکردنی بـڕی وێنـا کـراوەوە بـۆ دیـاریکردنی بـڕی راستەقینە (کە ئەمە ئەوە بوو ڤۆن ویس خەوی پێوە دەبینی) لە خۆیەوە بۆ بینینی خۆی، وە ڕەفتارە تێبینـی کراوەکـان و ڕەتکراوەکانیش، ڕەفتارەکانی تاکن لە شێوە جەوهەریەکەیدا.

ئەم کتێبە لە ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازەوە دەدوێت. لـە دەربڕینـی (ڕێکخـەری کـرداره ئاڵوگۆڕەکـان)دا، جـەخت لەسەر وشەی یەکەمیان دەکەینەوە، نەك دوانەکەیتریان. ئەویش (ڕێکخەر) نـەك کـرداره ئاڵوگۆڕەکـان. بیروباوەڕیـشمان ئەوە نیە کە، دروستبوونی ئەم ڕێکخەرە لە کرداره ئاڵوگۆڕە بەرجەستەکانەوە دەسـتی پێکردبێـت کـە لـە تـۆڕێکی زۆر ئاڵۆز و گرمۆڵە دەچێت. بەڵکو دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیەوە کە پێشتر ئەم ڕێکخەرە بە دروستکردنی هەسـتاوە. ئـەوەی گومانی تیا نیە، ئەوەیە کە شتەکان هەروا بەم شێوە سادە و ئاسانە نین، وە هەریـەك لـەم کـرداره ئـاڵوگۆڕە تایبەتیانـە لەسەر ڕەگەزێکی تازەکردنەوە پێکدێت کـە لـە ململانێیـەکی بـەردەوامی راسـتکردنەوەی ئـەو ڕێکخـستنانە دایـە لـەو کرداره ئاڵوگۆڕانەی کە لە گۆڕانێکی بەردەوامدان. بەڵام بەشی گۆڕاو هەموو کاتێك بە لاوازی دەمێنێتـەوە کاتێـك لـە پێشدا ڕێخستن پێـی هەڵدەسـتێت. لـەم نزیـك بوونـەوە سۆسـیۆلۆژیەدا بـەم شـێوە فراوانـە، بـە شـێوەیەکی بناغـەیی ڕیکخەرەکانی تیا شی دەکەینەوە کە تیایـدا حـوکمی کـرداره ئـاڵوگۆڕە تایبەتـەکان دەکـات. ئـەم حـوکم کردنـە زیـاتر گرنگیەکەی لەوە دایە کە بە هۆی کرداری ئاڵوگۆڕی نوێوە، گۆڕینی هەمیشەیی ئەنجام دەدات.

**چەمکەکانی** ڕۆڵ گێڕان و ڕێکخەرە کـار پێکراوەکـان بـە شـێوەیەکی بەرچـاو پـێش بیرمەنـدە کۆمەڵناسـیەکان، وامان لێدەکات کە لەسەر چـەمکی ڕێکخـەری کـرداره ئاڵوگۆڕەکـان بوەسـتین و روونـی بکەینـەوە، کـە چاوەڕوانی دوا شێوەیەکی جێگیری لێ دەکرێ، هەروەك خۆی ئامادە کردبێت بۆ شێوەیەکی جێگیر.

**دەتوانین** بەراوردی ئەم حاڵەتـە بکـەین بـە حاڵـەتی ئەکتـەرەکانی نـاو شـانۆیی (lacommediadel arte)، کـە پەیوەندی نێوان کەسە باوەکانی تیا بدۆزینەوە، هەیەکە لەو کەسانە ڕۆڵێکـی دیـاریکراوی تیـا بەرجـستە دەکـرد، بـەڵام کەسـەکان لـە چوارچـێوەی ڕۆڵەکانیانـدا سەربەسـت بـوون لـە داهێنـان و دروسـت کردنـی گفتوگـۆ و وەرگرتنـی دۆخـە گشتیەکە. بەمجۆرە کرداره ئاڵوگۆڕەکان لە چوارچێوەی ڕۆڵەکانیاندا گەشە دەکات و پێش دەکەوێ، وە هەموو ڕۆڵێکـیش مامەڵـەی خاوەنەکـەی بەرهـەمی دەهێنێـت، وە لـە پـێش کەسـەر ڕۆڵگێڕەکەشـدا حاڵـەتی چاوەڕوان کـراو هەیـە بـۆ مامەڵەکانی ناو ئەو ڕۆڵە.

**هەموو** ڕۆڵێك، بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆڵگێڕەکانیتردا دەستنیـشان دەکرێـت، ڕۆڵـی مامۆسـتا دەستنیـشان دەکرێت بەو پەیوەندیانەی کە هەیەتی لەگەڵ خوێندکاران و یاریدە دەرانی و بەڕێوەبەرانیدا، ڕۆڵی پیاو بـەو پەیوەندیـەوە

دەستنیشان دەکرێت کە لەگەڵ هاوسەرەکەی و خەسووی و باقی ئافرەتانیتردا هەیەتی و... هتد. لە لایەکیترەوە تاك دەتوانێ لە یەك کاتدا چەندین ڕۆڵ بگێڕێت، کەسێك دەتوانێ لە یەك کاتدا مامۆستا بێ و مێرد بێ و وەرزشەوان بێ و ئەندامی یەکێك لە پارتەکان بێ و هەواداری فیلمی سینەمایی بێ و پیشەیی بێ و... هتد. بەلام بە بەردەوامیش یەکسانی نیە لە نێو رۆڵەکاندا. مامۆستایەك پێویست نیە لەسەری کە بە بەردەوامی لای قوتابیەکانی بێت و مێردیش بە بەردەوامی لای هاوسەرەکەی، بە پێچەوانەشەوە. ئەو رۆڵانەی کە تاك دەیگێڕێت دەتوانرێت جیاوازیەکی بەشەکی تیا بێت. ڕەفتار کردنی بەردەوام وەك مامۆستا، گونجاو نیە لەگەڵ ئەو ڕەفتارەی لە هاوسەرێتی دایە، یاخود ڕەفتاری پیشەیی دایە و... هتد.

وتمان ڕۆڵگێڕان لەو بەشە داهێنراوە پێکهاتووە پێش خاوەنەکەی، لێرەدا ئەم حاڵەتە پەیوەستە بە هێڵێکی گشتیەوە زیاتر لەوەی پەیوەست بێت بە دەقێکی چەقبەستووی هاوشێوەی شانۆ کلاسیکیەکان. ئەم هێڵە کێشراوەش لێرەدا بە (ڕێکخەری بناغەیی) ناوی دەبەین، وە هەموو ڕێکخەرێکی بناغەییش کۆ نمونەی ئەو ڕەفتارانەن کە دەگێڕدرێنەوە سەر خاوەنەکەیان، کە ئەمەش بە هێندەی ئەو مامەڵەیەیە کە هاو گونجاو لەگەڵ بارودۆخەدا، کەسەکانی نێو ڕێکخەرە بناغەییەکە خاوەنێتی. ئەمەی باسکرا پێکهاتەیەکە لەسەر بەشێك لەو ئازادی و تازە بوونەوەیە، بەو مانایەی کە ڕێکخەرە بناغەییەکە کۆمەڵێك شت دیاری دەکات لە ڕۆڵەکانیدا بۆ کردن، بەڵام خودی ئەم کارە بە شێوەیەکی گەورە و بەرچاو پەیوەستە بەو پێوەر و بیروباوەڕ و بەهایانەی کە لە کۆی کارەکتەرەکانیدا هەن. ڕێکخەری ئاڵوگۆڕ کردنی عەقڵەکان، یاخود بە مانایەکیتر ڕێکخەرە کۆمەڵایەتیەکانکە کۆمەڵێك ڕێکخستنی بناغەیی بە ڕۆڵەکانیانەوە دروست دەکات، لە ناوەرۆکیدا پەیوەندیە بەرجەستەکانی تاك گەشە پێدەسێنێت.(٤)

بە گوێرەی ئەم پێناسە کردنە، ڕێکخەری کردارە ئاڵوگۆڕەکان پەیوەستە بە کۆمەڵی مرۆیی و ڕۆشنبیریەوە، یاخود بە شێوەیەکی وردتر، پەیوەستە بە کۆمەڵێ مرۆڤی دیاریکراو کە هەر یەکەیان بە ڕێکخەری پێوەر و بیروباوەڕ و بەهاکانیەوە بەڕێوە دەچێت، کە ئەمە دروستکردنی پەیکەرە ڕۆشنبیریەکە دەگەیەنێت. ئەم کۆمەڵایەتیە مرۆیی و ڕۆشنبیریە بە (کۆمەڵگاکان) و (کۆمەڵەکان) و (کۆمەڵایەتیەکان) و (کۆمەڵە یەکگرتووەکان) یاخود (کۆمەڵبووەکان) جیا دەکرێتەوە، بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێتەوە کە بە هۆی ڕێبازی زیاتر وردتر و زیاتر زانستیترەوە لە ڕێی نمونەی ئەو پەیوەندیانەوەی کە حوکمی کردارە ئاڵوگۆڕەکان دەکات، سنووردار دەبێت. بۆ زیاتر سوودمەند بوون پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم پێناسە کردنە هاوپەیوەندە بەو مەیلە گشتیەی لە زانستە هاو چەرخەکاندایە بۆ پێناسە کردنی (شتەکان) بە هۆی پەیوەندیەکانیەوە. Jean Ullmo کە وتەبێژی ڕێبازەکانی فیزیای هاوچەرخە، لەسەر ئەم بابەتە وادەنووسێت: "شتێکمان بۆ دەردەست دەبێت بە هۆی پەیوەندیەوە، وە هەر بە هۆی ئەو پەیوەندی و گەیشتنەشەوە پاڵپشتی دەکرێ و کۆتایشی پێ دەهێنرێ و تەواو دەبێت لە یەکەمێتی و پێشەنگێتی ئەو پەیوەندیە لەسەر شتەکە"(٥). لە زانستی کۆمەڵناسیدا (ئەم شتانە) کۆمەڵگا و کۆمەڵایەتیە مرۆییەکان دەگرێتەوە کە بە هۆی پەیوەندیەکانیەوە ناسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وا پێویست دەکات کە نەگەڕێینەوە بۆ پێوەرە زۆر دوورەکانی، بەوەی کە مەبەستی بناغەیی لە توێژینەوەکەدا بە هۆی ڕێکخەری پەیوەندیەکانەوە دروست دەبێ، کە پەیوەندیەکە لەم دواییەدا بەرچاوتر دەبینرێ.

ئەوە ماوەتەوە کە بزانین ئەم ڕێکخەرە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێکخەرێکی ڕاستەقینەیە، یاخود داڕشتەی تیۆرەکانی خۆی تەرخان دەکات بۆ ئەو پەیوەندیە بەرجەستانەی کە وا دەکات خۆی بۆ خۆی بوونێکی واقیعی هەبێت. لە لاپەڕەکانی ئایندەی ئەم نووسینەدا زۆر بەسەر ئەم بابەتە بناغەییانەدا دەکەویت. ئەم بابەتە پەیوەست نیە بەو چەمکانەیترەوە کە لە ڕاڤە و لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵناسیدا بەکار هاتووە، جگە لەو چەمکانەی بۆ کۆمەڵگا کۆمەڵایەتیەکان بەکار دێت بە وەزیفە و بونیاد و ڕێکخستن و... هتد یانەوە. بەڵام ئایا ئاماژە کردن بەم وشانە لە هێڵەکانی تیۆرەکەدا، هەروەها لەو نمونە شکڵی و بونیادە پیشەییانەدا (ڕێکخستنێکی عەقڵانیە) هەروەك (Buffon) دەڵێت، کێشەی کەرەستەکانی کارکردن بەو نیشانەیەی کە دەبێتە کارکەر ئایا (هەرچ خۆ تەرخان کردنێك دەگرێتەوە بۆ جموجوڵ) یاخود مەبەستێکە بۆ تەفسیر کردنی دیاردە ڕاستەقینەکان کە هەروەك چۆن وێنەیەکی گوازراوەمان لەسەر

نەخشەی جوگرافیادا هەیە بێ ئەوەی وێنا راستەقینەکەی شێوابێت، یاخود ئایا لە پۆلینکردنی جۆرەکانی ئاژەڵ و جۆرەکانی زەویدا، شتەکان تیایدا لە شێوەی بە گشت چواندندا روون دەکرێتەوە؟... وڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نیە، ئەم نمونە وێنەییانە بۆ ئەوە هێنرانەوە کە هەندێ لەو پەیوەندیانە لەگەڵ واقیعە راستەقینەکەیدا دەخوڵقێنرێت بۆ ئەوەی کە شتەکانی تیا بخرێنە کار (٦). ئەم نمونە وەسفیانە پێکهاتووە لەسەر رێژەیەکی دیاریکراو لە دامالین. کاتێك قسە لە رێکخەر و بونیاد و رێکخستن و وەزیفەکۆمەڵایەتیەکان دەکەین، لە سنوورێکدا لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا رادەوەستین، چونکە بە رێژەیەك زیاد لە کەسێکمان ئەم چەمکە پێچ و لۆچانە بەکار دەبەین.

## ج- قورسێتی لێکۆڵینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا

**زانستی** کۆمەڵناسی، کە زانستێکە هەروەك هەموو زانستەکانیتر رێبڕی رێگاکان بووە. ئەم زانستە هەڵدەستێت بە تێبینی دان لەسەر دیاردەکان کە لە پاشاندا هەوڵی وەسفکردنی و راڤە کردنی دەکات بۆ ئەوەی لە توانایدا هەبێت بیروباوەڕ و کاریگەری لەسەر دروست بکات. هەروەك چۆن خولقێنەری میکانیزمە تایبەتەکانی لەو جۆرە لە تێبینی کردن بوو بە گەورە جێبەجێکەری بواری کۆمەڵناسی لەم مەیدانەدا. گەشە کردنیشی بەریەك کەوتنێك بوو لەگەڵ ئەو زانستەی کە تێپەڕاند، کاتێك کە بە خەیاڵ و هەستکردنی گشتەوە کاری دەکرد. بەڵام خەیاڵە تایبەتیەکانی ئەم زانستە بە زانستی سروشتەوە زۆری پێچوو تا پێشڕەوتی بەدەست هێنا، بە هەمان شێوە بەتاڵ بوونەوە و کۆتایی هێنانیش تیایدا زۆری پێچوو تا واقیعە زانستیەکانی تیا هاتە نێو هەستە گشتیەکەوە. رۆژێك خەڵکانێك هەبوون کە دەیانگوت (زەوی لە شێوەی تۆپێکدایە) لەگەڵ ئەوەی کە بە تەختیش دەردەکەوت. وە دەیانگوت بە دەوری رۆژیشدا دەسوڕێتەوە لە کاتێکدا کە ئەمە بە پێچەوانە دەردەکەوت. کەواتە بەو پێیەی کە زانستی کۆمەڵناسی نوێترە، ئەوا خەیاڵات و هەستی گشتی تیایدا بەهێزتر دەمێنێتەوە، بۆ ئەم خاڵەش پێویستە لە سەرمان بە شێوەیەکی تایبەتی ئاگاداری بین.

هەر لەو نمونە زۆرانە بۆ ئەم بارە، لازار سفێلد لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە پاش ئاگربەستی ساڵی١٩٤٥ لەسەر سەربازە ئەمریکاییەکان کردبووی ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کەسایەتیە رۆشنبیرەکان کە ماوەی سەربازییان تەواو بووە، کەمتر تووشی هەڵچوونە دەروونیەکان بوونەتەوە لە کەسەکانیتر، وە لادێ نشینەکان باشتر گونجاوترن لەگەڵ خزمەتی سەربازیدا لە چاو شارنشینەکان، وە سەربازەکانی باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە نێو ئاو و هەوای زەریای هێمندا ژیاون باشتر بەرگە دەگرن لە سەربازەکانی باکوور، وە دەری خست کە سەربازەکان لە کاتی شەڕدا نائارامیان زیاتر بووە لەوەی کە پێش ئاگربەستەکەدا هەبووە. ئەمەش لە پای زوو گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان، کە هەموو ئەمانە شتێکی ئاشکرایە بە گوێرەی (هەستی گشتی). ئەم راپرسی و لێکۆڵینەوەیە ئەو راستیەی هەڵمالی کە لە راستیدا شتەکان تەواو پێچەوانەن، بەو مانایەی کە سەربازە کەم رۆشنبیرەکان زیاتر رووبەڕووی هەڵچوونی دەروونی بوونەتەوە، شارنشینەکان توانای گونجاندنیان باشترە لە خزمەتی سەربازیدا، پیاوانی باشوور کەمتر بەرگەی باری گەرمای هێڵە یەکسانەکان دەگرن، هەروەك چۆن وەستانی کارەکان لە هەر بوارێکدا پاش ئاگربەستەکە قورستر بوو لە مەترسی جەنگەکە... بەهەر حاڵ جیهانی کۆمەڵناسی زیاتر رێکەوتی ئەم بارە لێکچووە دەکات.

**لە** زانستی کۆمەڵناسیدا هەروەك زانستی دەروونناسی، مەترسی (هەستی گشتی) زیاتر دەبێت، بەو پێوەرەی کە چاودێر دەبێتە بەشێك لەو شتەی کە چاودێری دەکات. دەبینین شتەکە لێرەدا دڵنیاتر دەبێت ئەگەر توێژەر توێژینەوە لە کۆمەڵگایەکی تایبەت بکات، بەڵام ئەگەر توێژینەوەی لە کۆمەڵگایەکدا کرد و کۆمەڵگاکە لە رووی کات و شوێنەوە لێی دوور بوو ئەوا بە خود نائاگاییەوە ئەو شتانەی لای دروست بووە لە هیواکانیەوە دەیگوازێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگا تایبەتە.

ئەم سروشتایەتیە هەستپێکراوە لە ناوەوەدا، زۆر زیندوو و زۆر زیاد و زۆر دەوڵەمەنتر دێتە پێش چاو. زۆر جار لە میانەی تێبینیەکانەوە زیاتر و دەوڵەمەنتر و بەرزتر دێتە پێش چاو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە دروستبوونی

ئەو هەستە گشتیە لە تاکدا، کە ئەگەر ئەوەشمان لە یاد نەچێ کـە زانـستی دەروونناسـی نەیـدەتوانی لـە پێشکەوتنیدا سەرکەوێت بەوە نەبێ کـە سەربەسـتە بـۆ باسـکردنی شـتە ناوەکیـەکانی ڕەوشـتی مـرۆڤ، ئـەم جـۆرە ناوەڕۆکـە گـشتیە زانستیەش ناسراوە بە شیکردنەوەی دەروونی، کە دەیەوێت جیهانی کۆمەڵناسی لە مەترسی شـتە ناوەکیـەکان ئاگـادار بکاتەوە لەو کۆمەڵگایانەی کە ئەو شتە ناوەکیانە بەشێکن لێی.

**دوابەدوای** ئەوەی باسمان کرد، زانستی کۆمەڵناسی و زانستەکانیتری دەرەوەی ئەم زانستەش، لـە لێکۆڵێنـەوەی زانستیدا بە هۆی تێبینیە وردەکانیەوە هەڵدەستێ بە سازش کردن بۆ ڕاست و دروستی ئەو لێکۆڵینەوە و تێبینیانە.

**لەم** شێوە تایبەتمەندێتیەیدا، زانستی کۆمەڵناسی ماوەکانی ساڵی ١٩٦٠-١٩٢٠ بەو قۆناغەیدا تێپـەڕ بـووە کـە دەتوانرێ ناو بنرێت (ئەزموونی کەم و کوڕی) کە خۆشبەختانە لەوەدایە تێپەڕێنرێت (٧). ئەمەش پەیوەنـدی بـە گەشـە سەندنی زانستەوە هەیە لە سنوورێکی دیاریکراودا.

**لـە** مـاوەی نێـوان ئـەو قۆناغـەدا، ئـامرازی جۆراوجـۆری پێـشکەوتوو بـەکار هـات بـۆ چاودێری کردنـی واقیعـە کۆمەڵایەتیەکـە کـە (کـە پـرس و را و لێکۆڵینـەوەی بۆچـوونەکان، چـاوپێکەوتنی فـراوان، پـرس و را و لێکۆڵینـەوەی نمونەیی، شیکردنەوەی پێکهاتەیی، پۆلینکردنی ئەنجامی ڕەوشت، شیکردنەوەی سـەرژمێری) دەگرێتـەوە. لـە دوایـشدا چاوپۆشی کردن لەو شتە دروستبووانەی کە پەیوەندیان بە هەستە گشتیەکەوە هەیە. شتێکی سروشـتی دەبێـت گـەر لـە ئەنجامی هەڵەشەیی و تێپەڕیندا بەر حاڵەتی حەماسەت بکەوین، بەرهەم هێنانی خـودی شـتەکە، بـە شـێوەیەکی نزیـك لەگەڵ جەوهەر و ئامانجی یەکەمی شتەکەدایە.

**لە** پانزە ساڵی رابردوودا، بیرمەندە کۆمەڵناسەکان بە شێوەیەکی باشتر درکیان بە ڕۆڵی بناغەیی تیۆرەکان دەکـرد لە ڕێ و شوێنی زانستدا، هەروەك زانای فیزیـایی بـەناوبانگ مـاکس بلانـك دەڵێـت: "ئـەزموون , شـتێکیتر نیـە ئـەو پرسیارە نەبێت کە ڕووبەڕووی سروشت دەبێتەوە، وە پێوەرەکەشی ڕوون ڕەوانی وڵامەکەیەتی. بەڵام دوای لێکۆڵینـەوەی ئەزموونەکە پێویـستە بـیر لـە وڵامەکـەی بکرێتـەوە، بـەڵام داڕشـتەی پرسـیارەکە کامەیـە کـە دەمانـەوێت ڕووبـەڕووی سروشتی بکەینەوە و بەر لەوەی کە کۆتایی بە ئەنجامەکەش بهێنین لە پێوەرەکەیدا، پێویستە بتوانین تەفسیری هەر یـەك لەو تێگەیشتنانە بکەین لەو وڵامەی سروشت پێیان دەبەخشێت".

**پێشتر** ئەزموونی ساڵانی نێوان (١٩٦٠-١٩٢٠)مان باسکرد، کە چەند گریمانەیەکی ئاگایانە یـان نائاگایانـە بـوو لە سروشتێکی ئایدۆلۆژیدا. بە شێوەیەکی کرداری، (میلز) توانی ڕۆژانی ئەو ئەزموونە پڕ کەم و کورتیانە لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا یادداشت بکـات و بڵـێ: "لێکۆڵینـەوەی بـواری کۆمەڵناسـی لـە ئێـستادا ئاراسـتەیەکە بـۆ خزمـەت کردنـی سـەرکردایەتیە سـەربازیەکان و ڕێکخـەرە کۆمەڵایەتیـەکان و سـەرۆك کۆمپانیاکـان و دورخـستنەوەی چاکسازی کۆمەڵایەتی".

## د- کۆمەڵناسی و ئایدۆلۆژیا

**شـیکردنەوەی** زانـستیانە بـۆ کۆمـەڵگا پێـشینەکان نەگەیـشتە قوڵبوونەوەیـەکی ڕاسـت و ئـەوتۆ جگـە لـە پێـشکەوتنێکی لاواز نـەبێت. زانـستی کۆمەڵناسـی بـە بـەراورد لەگـەڵ زانـستە سروشـتیەکاندا، لـە حاڵـەتێکی دواکەوتندایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو شتەی کـار ئاسـانی بـۆ ڕەخساندووین، شیکردنەوەی بابەتی و تێبینیـە وردەکان و راڤە زانستیەکانە کە لە راستیدا تاکو ئێستاش بە گوێرەی ئەو بەشەی کە واقیعە زانراوەکـەی تێدایـە لاوازە، بەو مانایەی کە (هەستی گشتی) یاخود شتە دروست بووە تایبەتیەکانە یاخود شتی پێچ و پەنایـە. بونیـادی گریمانـەکان و نمونەی تیۆرە گرنگەکان بۆ گەشە سەندنی زانستی کۆمەڵناسی، بـە قورسـی و گرانیـەکی تایبـەتی جیـا دەکرێنـەوە. بەشێکی گەورەی پاڵپشتی بۆ ئەم گریمانە و نمونە تیۆریانـە، هێـزی شـتەکانە بـۆ ڕەگـەزێکی نـاجێگیر و نـالێکۆڵراو کـە زیاترە لەو بەشەی کە پەیوەستە بە گریمانە و نمونە تیۆریەکان کە حاڵەتەکەی لە زانستی سروشتیدا کۆتایی پـێ هـاتووە.

قورسی و گرانابییەکی دیکە جیاکردنەوەی ئەم گریمانە و نمونە تیۆری و زانستیانەیە لە ئایدۆلۆژیا. وشەی ئایدۆلۆژیا بە مانای ئەوەی کە لێرەدا رێسا هەیە بۆ راڤە کردنی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو کە رەخنەی لێ بگیرێت و بەکار بهێنرێ وەك یەکێك لەو کردارە بناغەییانەی کە ویستی ئەوەیە پارێزگاری بکات یان بیگۆڕێت یاخود بە جارێك وێرانی بکات. لیبرالیزم و مارکسیزم، ئەو مەزهەبە پەیوەندیدارە بەهێزانەی سیاسەت و کۆمەڵایەتین کە ئایدۆلۆژیاکانیان پێکهێناوە. ئایدۆلۆژیا و تیۆرە زانستیەکان لە یەك دەچن بەو واتایەی هەر دووکیان رێسایەکن بۆ راڤە کردنی کۆمەڵگا و دوو بونیادی فکرین ورێگان بەرەو تێگەکان، هەر دووکیشیان بە دوو خاڵ لێك جودا دەکرێنەوە: لە لایەکەوە تیۆر لەسەر حوکمە بەهاییەکان پێك نایەت، لە کاتێکدا کە ئایدۆلۆژیا رێسایەکە بۆ لە خۆ گرتنی بەهاکان، لە لایەکیترەوە، تیۆری زانستی بەرەو ئەو واقیعە دەچێت کە تێبینی و لێکۆڵینەوەکان بە هۆی زانیاریەوە دێنە دەست. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئایدۆلۆژیا لەگەڵ لە خۆ گرتنی تێبینی و لێکۆڵینەوەکانیشیدا، لە رووی پرەنسیپەوە هەوڵ دەدات تێیان پەڕێنێت، وە دەشبێتە پاڵپشتێك بۆ ئەو سروشتە تایبەتیە و ئەو تێبینیە ئاستگیرانە و ئەو راڤە جیاکاریانەی کە هەیەتی.

گەر زانستی کۆمەڵناسی جیاواز بوو، ئەوە مانای ئەوە نیە کە کەمتەرخەمی بکات و لە تێبینی و لێکۆڵینەوەکانیدا چاوپۆشی بکات و پەنا بداتە بەر سروشتێکی گوماناوی. وە کاریگەریی هەستی گشتی بۆ بونیادی تیۆرەکانی ئەوەبوو کە لەم دواییەدا پێی دەوترا نیشانەکانی ئایدۆلۆژیا بەهێزی شتەکانیەوە. رەگەزی شتەکان لە دیاردە تێبینی کراوەکانیدا بە پاڵپشتی کردنی بیرمەندەکانی ئەم بەیەکدا چوونە دەخولقێنن، ئەمەش بۆ بونیاد نانی گریمانە و تیۆرەکان کە بە هۆی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتەوە نائاگایانە گەشەی پێ دەکرێت. ئێمە دەپرسین کامە بوو کە هەوڵەکانی بۆ ئەوە بوو کە راستگۆ و بابەتی و داماڵراو بوو لە شتەکانیتر. ئەوانەی بیروباوەڕیان وابوو کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیایەکی سەراپاگیردا بن بۆ ئەوەی ببێتە شتێکی (بابەتی). ئەوە تەنها بۆ ئەوەیە کە لە شێوە گشتیەکەیدا قبوول بکرێت. میانەی ئەم بابەتە قسەیەکی (ستانلی هۆفمان)م بیر دێنێتەوە کە دەڵێت: "گەر گەیشتن هەبێ بە زانستێکی بێ لایەن، شتێکی غەریب نیە... بۆ ئەوەی گۆڕان لە وەسفکەران و خزمەتکارانی دیموکراتی ئەمریکاییدا بخولقێنێ؟؟" ئەم حاڵەتە هەر بە تەنها لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەستی بەسەردا نەگیراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئایدۆلۆژیاکان گرنگیان بۆ گەشە کردنی زانستی کۆمەڵناسی هەیە. گریمانە و تیۆر و نمونەکان زۆربەیان بۆ ئەوە پێشنیار دەکرێ کە ببێتە بەهایەکی بەرز بۆ ئاراستەی لێکۆڵینەوەکان و ببنە کەنار بۆی. بێگومان بوونی گریمانە و تیۆر و نمونەی کەم و کورت باشترە لە نەبوونی. لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لیبرالیەت بووە هاوکارێکی بەهێزی گەشە سەندنی زانستی کۆمەڵناسی، وە گەشە سەندنەکانیشی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەگەڕێتەوە بۆ پەنجا ساڵێك. پاشان مارکسیزم کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیانەی ئاراستە کرد لە شێوازێکی تازەدا، وە پاڵپشتیەکی بەهێزیشی پی بەخشی.

جگە لەوانەش هەوڵ و کۆششی جیهانی کۆمەڵناسی، هەوڵی گەیشتن بوو بە شتە بابەتیەکان، وە شتە بێ لایەنەکانیش نەیانتوانی بەو سنوورەی ئێستای بگەیەنن لە گەشە کردنی زانستە کۆمەڵایەتیەکانیدا کە پێویست بوو دۆخی ئایدۆلۆژیا تێپەڕێنێت بۆ ئەوەی دەوری ئەو نارێکیە بدات کە تیایدا دەرکەوتووە. ئەم دۆخە لە دوو لاوە دەتوانرێ تێپەڕێنرێت، لە لایەکەوە کاتێك ئەم زانستە بەرامبەر بە ئایدۆلۆژیا بەئاگا بێت و خۆشی دان بەم بەئاگاییەدا بنێ، وە لە لایەکی دیکەشەوە بۆ دروستکردنی گریمانە و تیۆرەکانی بە گوێرەی ئایدۆلۆژیاکە ئاراستە نەکرێ. لە دوایشدا سنووری گوێ رایەڵی دیاری دەکرێت لە داڕشتنەوەی تیۆر و گریمانەکانیدا بە پێی ئەو شێوە وەرگرتنەی کە لە لایەن ئەم ئایدۆلۆژیا یاخود ئەو ئایدۆلۆژیاوە پێی دەبەخشرێت کە بۆ ئەو رەگەزە زانستیانەی سوودمەند دەبن کە لێکۆڵکاریی تیا ئەنجام دەدات. دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە ئەم داواکاریانەی ئەم زانستە هەیەتی، بە بەردەوامی ئاسان نین.

## دووهەم: کۆمەڵناسی سیاسی

**ناساندنی** کۆمەڵناسی سیاسی جیا ناکرێتەوە لە ناساندنی کۆمەڵناسی گشتی. لەبەر ئەوەی سیاسەت ناتوانێت بازنەیەکی داخراو و جیاواز دروست بکات لە دەرەوەی کۆمەڵگا. کۆمەڵناسیی خێزان، کۆمەڵناسیی رەگەز، کۆمەڵناسیی رێکخراوەکان، کۆمەڵناسیی کار، کۆمەڵناسیی وەرزش و... هتد، چەند لقێکی تایبەت دروست دەکەن تا بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاسانکاری بکرێت لە جیاکردنەوەیان لەگەڵ سنووری هەر زانستێکیتر و بە پێچەوانەشەوە. کۆمەڵناسیی سیاسی دیمەنێکە لە دیمەنەکانی ئەم قەدە دارە.

**نزیکیی** هەموو شتەکانی و بەشە سیاسیەکە بە تەواوەتی، ئەو شتەیە کە تێگەیەکی گەورە و فراوانی لەم نووسینەدا هەیە. بێگومان ئاماژەش بە هەندێ تێگەی دیکە کە بتوانرێ باسکرێت. لەم بابەتەدا دوو تێگەی گەورە لە کۆمەڵناسیدا رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. هەندێك وای لێکدەدەنەوە کە زانستی دەسەڵاتە. ئێمە هەر دووکیان نیشان دەدەین و دەشبینین کە بۆچی یەکەمیان دوور دەخەینەوە و دووهەمیان باس دەکەین.

## ١- کۆمەڵناسیی سیاسی زانستی دەوڵەتە:

ئەم تێگەیە یاخود ئەم مەفهومە نزیکتر و پێشڕەوترە لەو هەستە گشتیەی کە پێشتر باسکرا. دەتوانرێ ئەم تێگەیە بگێڕدرێتەوە بۆ ئەرەستو کە بە گوێرەی ئەو، سیاسەت دراسە کردنی حکومەتی شارە (la cite polis) کە دەوڵەت لە نێویدا دروست دەبێت. ئەم تێگەیە لە گەشە سەندنی دەوڵەتدا خۆی دەبینێتەوە و مەعجەمە ئەکادیمیەکانیش پشتگیریی ئەم گەشە سەندنە دەکەن. ئەگەر (Littre) هەشت پێناسەی تەنها بە وشەی سیاسەت بەخشیبێت، ئەوا ئەو پێناسەیەیان کە بە شێوەیەکی زانستی پەیوەستە بە سیاسەتێکی شیکراوەوە ئەوەیە کە دەڵێت: "زانستی حوکم کردنی دەوڵەتە"، وە وشەی سیاسی وەك سیفەتێك باس دەکات بەوەی کە (پەیوەندی نیە بە کاروباری گشتیەوە" و مەعجەمی ئەکادیمیای فەرانسەش دەڵێت: "سیاسەت: زانینی هەموئەو شتانەیە کە پەیوەندی بە هونەری حوکمڕانیی دەوڵەت و بەڕێوەبردنەوە هەیە و پەیوەندیان هەیە بە دەوڵەتانی تریشەوە".

**خودی** وشەی دەوڵەت لێرەدا و بەو سیفەتەی کە ئاماژە بۆ بەشێکی تایبەت دەکات لە کۆمەڵی بەشەری، دوو مانای کردارەکی هەیە، ئەویش: دەوڵەتی گەل و دەوڵەتی حکومەتە. دەوڵەتی گەل کۆمەڵگای نەتەوەیی دەگەیەنێت، لە هەر شێوە یەکگرتنێکدا کە لە کۆتایی چاخی ناوەندا پەیدا بوو لە ئێستاشدا بەهێزترین رێکخستن و بە یەکداچوونی تیا دەبینرێت. بەڵام دەوڵەتی حکومەت، مانای فەرمانڕەواکان دەگەیەنێ کە سەرکردایەتی کۆمەڵگای نەتەوەیی دەکات. ناساندنی کۆمەڵناسیی سیاسی وەك زانستی دەوڵەت، واتە چوونە ناو ئەو پۆلینکردنەی کە بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان کراوە، کە ئەویش لەسەر سروشتی کۆمەڵگا دراسە کراوەکان راوەستاوە. بەم پێیە کۆمەڵناسیی سیاسی، پێچەوانەیە لەگەڵ کۆمەڵناسیی خێزانی و کۆمەڵناسیی ئایینی و کۆمەڵناسیی کۆمەڵگا بەرایییەکان.

ئەم پێناسە کردنە، وەك چۆن بابەتەکانیتر پەیوەستە بە پێناسە کردنیانەوە، تەنها بە چەند وشەیەك کۆتایی نایەت، بەڵکو قوڵبوونەوەیە بە دونیای شتەکانیدا. پێناسە کردنی کۆمەڵناسیی سیاسی وەك ئەوەی کە زانستی دەوڵەتە، دەبێت لەو شیکردنەوەیە دایبماڵێن کە لە شێوە جیاوازەکان و ئاستەکانی کۆمەڵگادا بۆ نەتەوە دەکرێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمەڵگای نەتەوەیی و دەوڵەتی، هەر دووکیان لە پۆلێکی جیاواز دان لە نێو کۆمەڵگا و کۆمەڵایەتیە مرۆییەکانیتر. ئەم تێگەیە، پەیوەستە بەو ئایدۆلۆژیایەی لە کۆتایی چاخی ناوەندا لەگەڵ دەوڵەتدا هاتۆتە گۆڕێ و لەو کاتەشەوە باڵی کێشاوە بەسەر بیری یاسای نێو دەوڵەتی و تا ئێستاش وەك خۆی ماوەتەوە، هەندێ گەڕانەوە نەبێ، ئەویش: ئایدۆلۆژیای سەرکردایەتیە. پێ دەچێ دەوڵەت جۆرێك بێت لەو کۆمەڵگا تەواوەتیەی کە

دواکەوتەی هیچ کۆمەڵگایەکیتر نیە و باڵ کێشراوە بەسەریدا، کە باڵ کێشەرانیش سەرکردە و فەرمانڕەواکانی تری دەوڵەتن کە سیفاتی تایبەتی خۆیان هەیە کە سەرکردایەتیەکانیان دابەش ناکرێنە سەر کۆمەڵەکانیتر، ئەمەش ناو دەبرێت بە دەسەڵاتدارێتی.

**تێگەیشتنی**ن لەوەی کە چۆن ئەم چەمکە بۆ کۆمەڵناسیی سیاسی بەکار دەبرێ و لە پێش کەسە یاساییەکانیشدا گەشەی پێدراوە. لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا جۆرج لینك ( George Jelinek) بەرگری لێکرد، پاشان مارسیل بریلۆ (Marsel Prelot) لە فەرانسە و جان دابان (Jean Dabin) لە بێلژیك. لە نێو ئەمانەشدا هەندێکیان وەك ( Georg Davy) کە پسپۆر بوون لە بواری سیاسەتدا، ئەم چەمکەیان بونیاد نا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا (R.M Soltau) و (Alfred Degraz) و... هتد. هەروەها بیرمەندەکانی زانستی کۆمەڵناسیش لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە لە دیمۆکراتخوازەکان بوون، بەرگریان لێ کرد و پاڵپشتی بوون، کە ئەم هەڵوێستە بە شتێکی زۆر غەریب دەهاتە پێش چاو. لە راستیدا ئەوان ئەگەر زانستی سیاسی یاخود کۆمەڵناسیی سیاسی (کە لای ئێمە هەر دووکیان هاومانایيەکی نزیکیان هەیە) وەك زانستی دەوڵەت ناسیبێتیان، بێگومان وایان کردووە کە ببێتە بەشێك لە پوختەی گەشە سەندنی کۆمەڵایەتی، کە بە بڕوای ئەوان هێزی بەرهەمهێنان، بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیە خاوەندارێتیەکان فەرمانڕەوایەتیان دەکات. لەگەڵ شیکردنەوەی مارکسیزمدا کە بە تەواوەتی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و رەگەزە کۆمەڵایەتیەکانی بەهێز کرد، هەروەها لەگەڵ سروشتی (بونیادە باڵاکان) بۆ دەوڵەت، ئەوا پێناسەی کۆمەڵناسیی سیاسی وەك زانستی دەوڵەت لە وڵاتە ئیشتراکیەکاندا پێشنیار نەکرا بە هەمان ئەو نیشانانەوە کە لە وڵاتانی رۆژئاوا هەیبوو و پەیوەستیش نەبوو بە تیۆری (سەرکردایەتی کردن) کە دەوڵەت و سیاسەت و فەرمانڕەوایەتی لە دیدی مارکسیزمدا و بە نیسبەت بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەوە، پێچەوانەی رەگەزە ناوەندیەکان دادەنرا. لەم چوارچێوەیەشدا دەتوانین تێبینی جیاکردنەوەی (زانستی دەوڵەت) بکەین لە زانستی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و بەو چەشنەش راستی بکەینەوە کە لە بیری مارکسیزمدا ئەو شتەی کە تێپەڕێنراوە ئەوەیە کە رۆڵی (بونیادە باڵاکان) کەم کراوەتەوە، نەخوازە رۆڵی دەوڵەت.

**بەڵام** لە رۆژئاوادا بە تایبەتی ئورووپا شتەکە تەواو پێچەوانەیە، چونکە دەوڵەت ئەوە دەگەیەنێت ك کیانێکی ئازاد و سەربەخۆ و بەهێزە و سەردەمی کەمکردنەوەی گرنگیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و لە سەروو هەمووشیانەوە کەمکردنەوەی هێزە ئابووریەکان کۆتایی پێهات، چونکە دەیانویست لە دەوڵەتی دیموکراتیدا پارێزگاری ئایدۆلۆژیای پێبکەن. کە وای لێهات ئیدی زانستی کۆمەڵناسیی سیاسیان کردە زانستی دەوڵەت، واتە ئاسانیان کردەوە بۆ جیاکردنەوەی لە زانستە کۆمەڵایەتیە گشتیەکە. لە هەمان کاتدا بۆ رزگار کردنی لێکۆڵینەوە زانستیەکان لە گریمانەی ئایدۆلۆژیا تا شێوەی باشتر لە خۆ بگرێ. پێویستە بیرمان نەچێتەوە کە دیاریکردنی بەشە جیاوازەکان لە زانستێکی دیاریکراودا، لە هەر سنوورێکدا بێت، سەرەتا کوێرانە شتەکان دەداتە بەر. باشترین دیاریکردن ئەوەیە کە بزانین کە لە سەرەتادا چۆن لە لێکۆڵینەوە زانستیەکەدا کار دەکات. لەم بارەشدا، گرژێتی و ئاڵۆزی و نارێکی ئەنجامەکان کە ئایدۆلۆژیا باڵی بەسەردا کێشاوە، بە دڵنیاییەوە باشترە لەو ئەنجامەی کە لە شێوەی ململانێدا پاڵپشتی دەکرێت. لێرەشدا دەتوانین لە سنووری ئایدۆلۆژیا جیاوازەکاندا بونیادی ئەو دیاریکردنە جیاوازانە دەستنیشان بکەین. لە وڵاتە کۆمۆنیستیەکاندا، کۆمەڵناسیی سیاسی تێبینی لەسەر ئەو وڵاتانە دەدات کە بە ئاسانی پێش دەکەون. بەڵام لە وڵاتانی رۆژئاوادا، دیاریکردنێك لەم جۆرە دەبێتە هۆی ئیفلیجیی پێشکەوتن.باشترین جۆریش لە دیاریکردن ئەوەیە کە دەوڵەت بگێڕێتەوە سەر پوختەی ئەو میکانیزمەی کە گەشە سەندنی کۆمەڵایەتی دەخولقێنێ بێ ئەوەی سەر بکێشێت بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی.

## ٢- كۆمەڵناسیی سیاسی زانستی دەسەڵاتداریّتیە:

چەمكی كۆمەڵناسیی سیاسی زیاتر لە رۆژئاوا بڵاوترە، وە بەو شێوەیەش دەیناسێنێ كە زانستی دەسەڵاتداریّتی و حكومەت و ویلایەت و سەركردایەتی كردنە لە هەموو كۆمەڵ و كۆمەڵگا مرۆییەكاندا و بە تەنها لە كۆمەڵگای نەتەوەیشدا نا. ژمارەیەكی زۆر لە نوسەران لەسەر ئەوە سوورن كە لە ئایندەدا ئەم جۆرە دیاریكردنە ئەگەرێكی گرژ و ئاڵۆز دەگرێتە خۆ لە هەر سنوورێكدا بێت، لە نێو ئەوانەشدا: ماكس ڤێبێر و هارۆڵد لاسوێڵ و رۆبەرت داڵ و ریمۆن ئارۆن و جۆرج بۆردیۆ.

ئەم تێگەیەی باسمانكرد ناوەرۆكی تیۆری دەسەڵاتداریّتی دەوڵەت رەت دەكاتەوە، بە دەربڕینێكی وردتر، ئەمەی لە دواییاندا باسمانكرد بەرگێكی ئایدۆلۆژی لەبەردایە نەك بەرگێك لە راستی و بوون. ئەوی تریشیان مانای ئەوەی نابێت كە لە هەموو كۆمەڵایەتیە مرۆییەكانیتر پێشكەوتووترە. ئەگەر بەراوردێك بكەین لە نێوان ئەو جۆرە دەسەڵاتدارێتیەی كە لە كۆی كۆمەڵایەتیە مرۆییەكاندا هەیە، لە راستیدا زۆر جیاوازی دەبینرێ كە دەكرێ لەم بابەتەدا تیشكی بهاوینە سەر.

لەم بارەدا، چەمكی (كۆمەڵناسیی سیاسی = زانستی دەسەڵاتداریّتی) زیاتر كرداریترە لە (كۆمەڵناسیی سیاسی = زانستی دەوڵەت) گەر چمكی یەكەم واز لە تواناكانی خۆی بهێنێت بۆ پشكنینی زانستیی لە سروشتی دەسەڵاتداریّتی دەوڵەتدا، ئەوا بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەسەڵاتداریّتیەی لە سنوورەكانیتریدا هەن چەمكی دووهەم لە نەبوونی ئەو توانایەیدا دەبینین دەرگاكانی دادەخات. ئەگەر بەراوردێكمان كرد لە نێوان دەسەڵاتداریّتی لە نێو كۆمەڵایەتیە مرۆییەكان، دەتوانین جیاوازیەكانی سروشتی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵات و دەوڵەت و دەسەڵات و كایە كۆمەڵایەتیەكاندا بدۆزینەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر كەمتەرخەمیمان كرد لە دراسە كردنی دەسەڵات تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، ئەوە دەبێت خۆمان ئامادە بكەین بۆ بەراورد كردنی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی لە نێو كۆمەڵایەتیە مرۆییەكاندا هەیە كە توێژینەوەكە لەوێوە دەست پێ دەكات.

لەگەڵ ئەوەشدا پێناسە كردنی كۆمەڵناسیی سیاسی وەك زانستی دەسەڵات، هەندێ گرانباریی تیا دێتە پێشێ كە هاوپەیوەندە بە خودی بیرۆكەی دەسەڵاتەوە. پێناسە كردنی دەوڵەتیش خۆی لە خۆیدا كارێكی ئاسان نیە، بەڵام ئاسانترە لە پێناسە كردنی (دەسەڵات) كە یاسا ناسی فەرانسەیی (لیۆن دۆگی Leon Duguit) ناوی دەنێت (فەرمانڕەوا) و (فەرمانڕەوایی كراوەكان) و بڕواشی وابوو كە لە هەموو كۆمەڵگا مرۆییەكاندا، هەر لە بچوكەوە هەتا گەورە، هەر لەوانەوە كە نمایندەی خۆیان دەكەن هەتاكو ئەوانەی خۆیان جێگیر دەكەن، هەر لەوانەوە كە فەرمان دەردەكەن تا ئەوانەی كە گوێڕایەڵی دەكەن، هەر لەوانەوە كە بڕیار دەر دەكەن تا ئەوانەی بەر ئەو بڕیارە دەكەون، كۆی ئەم شتانە لە چالاكی فەرمانڕەواكانیەوە دەسەڵات پێك دێنێت. جیاكردنەوەكە بەو شێوە روون و ئاشكرایە نەبوو كە لە سەرەتادا دەر دەكەوت. جگە لەو كۆمەڵە بچوكانەی كە ئەو هاوڵاتیانە پێك دەهێنێ كە لە كەمترین ئاستی هێمنی و رزگاریدان و فەرمانڕەوایەتی دەكرێن بێ ئەوەی فەرمانڕەوایان هەبێت و سەرۆكی دەوڵەت فەرمانڕەوایە بێ ئەوەی فەرمانڕەوا كرابێت، كە ئەمە خۆی لە خۆیدا پێویست و رەوا نیە. ئایا باسكردن لە دەسەڵات باسكردنە لە هەموو ئەو پەیوەندیە مرۆیی و نایەكسانیەی كە تاكێكی دیاریكراو ناچار بكات سەر بۆ فەرمانەكانی كەسێكیتر شۆڕ بكات؟ خۆ ئەگەر هەموو پەیوەندیە مرۆڤایەتیەكان بەم سروشت و نیشانەیەوە بە كۆمەڵناسیی سیاسیەوە پەیوەست بن، ئەوا ئەوەی لەم دواییەدا باسكرا زانستی كۆمەڵناسی لە ریشەوە دەردێنێ. لە راستیشدا ئەم جیاكاریە خۆی لە نێوان دەسەڵات و هێزدا دەسەپێنێ. (هێز)، توانای تاكێكی دیاریكراوە كە لە لایەن تاكێكی دیكەوە پاڵ پێوە دەنرێت بۆ كردنی كارێك، وە هەموو پەیوەندیە مرۆییە جیاوازەكان لەسەر بنەمای هێز پێك دێت. وشەی (دەسەڵات) دەیەوێت كەمتەرخەمی بنوێنێت وەك هێزێك كە خاوەنێتی، بەسەر چینێكی تایبەتدا، ئەمەش ئەوەیە كە هاوگونجاندن دروست بكات لەگەڵ رێسا و پێوەر و بەهاكانی كۆمەڵ، كە لەم كاتەدا ئەمە وەك شەرعیەتێك لێك دەدرێتەوە.

**بەڵگەی** ئەم جیاکردنەوەیە لە هەموو کۆمەڵە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەوەیە کە کەسانێك هەن دان بەوەدا دەنێن کە ڕێسا و پێوەر و بەها هەیە بۆ بەکارهێنانی هێز بەسەر ئەوانی دیکەدا. ئەوان سەرۆك و فەرمانڕەوا و گەورەی کۆمەڵن. بەم شێوەیە ئێمە دەگەڕێینەوە لای جیاکردنەوەکەی (دوگی) کە بە ڕێگایەکی وردتر داڕێژاوە، بەڵام بارگرانیەکە ئەوەیە کە هەندێ جار ئەو دەسەڵاتەی کە بە هێزەوە ناسراوە، بەر لە ئەندامێتی جۆراوجۆر و ناوەندی دیکە و دروست کردنی پەیوەندی لەسەر بنەمای باوەڕ بوون بە دەسەڵاتەکەی کە هەیە، دونیا بینیەکی شکڵیمان بۆ دەسەڵات لا دروست دەکات کە ئێمە لەم نووسینەدا ئەم پەیوەندیە فەرامۆش دەکەین.

لە ڕاستیدا ناتوانرێ زانستی سیاسی تەنها لە خوێندن و دراسەکردنی دەسەلاتە دان پیانراوەکەدا بەو شێوە تەسك بینیە بچوك بکەینەوە. ئەم چەمکە، یەکەم هەنگاوی فراوانی خۆی لەوێوە دەست پێدەکات کە بە پێی پێناسەکەی (زانستی دەوڵەتە)، کە کەمتەرخەمی دەکات لە دراسەکردنی ئەو دەسەڵاتەی لە چینێك لە چینەکانی کۆمەڵگا گشتیەکەدا هەیە.

**زانستی** سیاسی دراسەکردنی ئەو دەسەڵاتە دەگرێتەوە کە لە کۆی کۆمەڵ و کۆمەڵگاکاندا هەیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەیەوێت خۆی فراوان بکات بۆ جۆراوجۆر کردنی هێزە پەیوەندیدارەکانی بە ئەزموونی دەسەڵاتەکانیەوە. هەر بەم شێوەیە زانستی سیاسی، دەستەبەری ئەو دراسەیە دەکات کە سەرتاپای ڕێکخەری پەیوەندیە نایەکسانەکان دەگرێتەوە. ئەوەی کە پەیوەست بوونی خۆی بە هەر سنوورێك لەو سنوورانەوە نیشان دەدات ئەوەیە کە ڕۆبەرت داڵ لە پێناسەکەیدا دەڵێت: "پێڕەوی سیاسی ئەو یەکە کۆمەڵایەتیە جێگیرەیە کە پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان، کە لە سنوورێکی نائاشکرادا پێکهاتبوو لەسەر پەیوەندی دەسەڵات و فەرمانڕەوا و قەڵەمڕەوی، ڕێك دەخات."

**ئێمە** دان بەوەدا دەنێین کە ئەم پێناسەیە هەرگیز ورد و دروست نیە، بە تایبەتی کە سنوورێکی ڕاستەقینەی لە نێوان کۆمەڵناسیی سیاسی و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵناسیی گشتیدا نیە. بەڵام لە کۆتاییدا ئێمە چی لەو نیشانە جەوهەریانە بکەین لە کۆمەڵگای مرۆییدا کە لەوانەیە لە هەموو شوێنێکدا هێز و دەسەڵات و باڵکێشان و قەڵەمڕەوایەتی بوونیان هەبێ، سەرەڕای جوان کردنی ئەو ڕووکەشەی کە هەیەتی.

**ئاگادار** بوون لەم هێما و نیشانانە هەنگاوی یەکەمە بۆ پسپۆڕە سیاسیەکان، بەم مانایەش کۆمەڵناسیی سیاسی ناتوانێ شتێکی دیکە بێت جگە لەو بینینە گشتیەی بە دونیای زانستی کۆمەڵناسی گشتیدا هەیەتی، لەگەڵ ئەو هەڵوێستە کردنە تایبەتیەی کە شێوەکانی قەڵەمڕەوێتی تیا دەدۆزرێتەوە، لەمەشەوە تەنها دەتوانرێ بیرۆکەی دەسەڵات دەستنیشان بکات.

**دوای** بە دەست خستنی ئەم بەراورد و تێبینیە گشتیانە، ئەو توانایەمان دەرخست کە چۆن وردبینی لەسەر تەوەرە تایبەتیەکانی دەسەڵات دەکات. لەم تێگەیەدا کۆمەڵناسیی سیاسی لە تاکە یەك ناوەرۆکدا تەوەرێکی تایبەتی داگیر ناکات. بە گوێرەی بەشەکانیتری زانستی کۆمەڵناسی، وەك نەتەوەیەکی جێگیر وایە لە هەرێمێکی دیاریکراودا و بە هۆی نەتەوەکانی تریەوە ئاراستەی وەرگرتبێت. وا پێویست دەکات ڕاستتر و وردتر بەراورد بکرێ لەگەڵ یەك بە یەکی ئەو بەشانەی دیکەیدا کە بیروباوەڕ یەخەگیری کردوون، کە لە هەر سنوورێکدا بێت یەکێکیان لەوی دیکەیانەوە جیاواز و دوورە. پێدەچێت نمونەی ئەم چەمکە تەنها لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا بگونجێ کە دەڵێت کۆمەڵناسیی سیاسی زانستی دەسەڵاتە، کە لە بناغەی ئەم نووسینەدا میتۆدەکەیمان بینی.

## میتۆد و هێڵی کێشراو

ئەم کتێبە لە بیرۆکەی کۆمەڵگاوە دەست پێدەکات، کۆمەڵگا یاخود (کۆمەڵەکان) یان (کۆمەڵایەتیەکان) یان (کۆمەڵبووەکان) یاخود (یەکگرتووەکان)، کۆمەڵێك لێکدراوەن کە لێرەدا بە هاومانایی لێکدراونەتەوە. مەبەستی زانستی کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی جەوهەری لە پێڕۆی کردارە ئاڵوگۆڕەکان دروست بووە. کردارە ئاڵوگۆڕەکان کرداەرکانی تاکە کەسێکە (یان چەند کەسێکە) کە پەیوەستە بە کەسێکی ترەوە (یان چەند کەسێکیترەوە) یاخود

کاریگەرن بە دەسەڵاتیان. جیاوازی دامەزراوە بناغەییەکان و رۆڵگێڕایەتیەکان سیناریۆیەکە لەو پەیوەندیە ئاڵوگۆڕانە پێکهاتووە کە لە نێو سیناریۆیەکی گشتیدایە و گونجاندنێك دروست دەکەن پێکەوە، کە سیناریۆ گشتیەکە پێڕۆیەك بۆ کردارە ئاڵوگۆڕەکان دروست دەکات.

**دەتوانرێ** شیکردنەوەی پێڕۆی کردارە ئاڵوگۆڕەکان، لە دوو جۆر لێك نزیك کەوتنەوەدا کۆتایی پێ بهێنرێت، بەڵام ئەگەر لە کردارە ئاڵوگۆڕەکانەوە دەستمان پێکرد، ئەوا دەگەینە دروست بوونی پێڕۆکە، بەڵام ئەگەر لە خودی پێڕۆکەوە دەستمان پێکرد، دەبێت لە دراسە کردنی تۆڕەکانی کردارە ئاڵوگۆڕەکانەوە بێت. لێرەدا بە هۆی نرخ دانانمان بۆ ئەو کردارە ئاڵوگۆڕە تایبەتیانەی کە ناتوانرێت تێگەیشتنمان بۆی هەبێ لەو چوارچێوەیەدا نەبێ کە تیا لە دایك دەبێ، نزیك بوونەوەی دووهەم ئەنجام دەدەین و خۆ ویستانە لە دراسە کردنی (ئەو چەشنە نزیکایەتیە) دوور دەکەوینەوە کە لە سەرتایدا کردارە ئاڵوگۆڕەکانمان بۆ شی دەکاتەوە. ئەم کتێبە بە تەواوەتی لەسەر پێڕۆی کردارە ئاڵوگۆڕەکان ورد دەبێتەوە.

**لە** سەرەتادا هەوڵی دیاریکردنی ئەو سنوورە دەدەین کە لە ناویدا کردارە ئاڵوگۆڕەکان گەشەی تیا دەکەن، لە هەر کۆمەڵە کۆمەڵایەتیەکاندا بێت کە بووە بە بنەمای. هەموو پێڕۆی کردارە ئاڵوگۆڕەکان لە هەر سنوورێکدا بێ هەوڵ دەدات لەگەڵ کۆمەڵە کۆمەڵایەتیەکاندا خۆی بگونجێنێت و لە پێڕۆکەدا هەندێ کرداری ئاڵوگۆڕی دیکە هەن کە لە نێوان ئەندامانی پێڕۆکە و ئەندامانی کۆمەڵە کۆمەڵایەتیەکان بە دەست دێن، بەڵام زۆربەی ئەو کردارە ئاڵوگۆڕانە لە نێو خودی کۆمەڵەکاندا دێنە گەشە کردن.

**کۆمەڵە** کۆمەڵایەتیەکان پەیوەستن بە کۆمەڵە مرۆییەکانەوە کە نێوەندی کۆمەڵە بوونیان زۆربەی جار هەرێمێکی دیاریکراوە و لە پێڕۆ رۆشنبیریەکەشیدا، پێوەر و رێسا و رۆڵگێڕەکان دیاری دەکرێ کە ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراو پێی هەڵدەستێ. هەر دوو لاش، لەو چەمکە بەربڵاوانەی (کۆمەڵگاکان) و (کۆمەڵایەتیەکان) و (کۆمەڵەکان) و (کۆمەڵبووەکان) و (کۆمەڵە یەکگرتووەکان) دەست پێدەکەن، تا وردە وردە دەگاتە چەمکە زۆر زانستیەکەی.

**کۆمەڵە** کۆمەڵایەتیەکان لە شێوەی بنەمای مرۆیی و مادی و رۆشنبیری دروست دەبن بۆ رێکخستنی کردارە ئاڵوگۆڕەکان، پاشان رووکارەکانی دیکە  کە بۆی دەبن بە بونیادێك. هەموو پێڕۆیەك وەك گرینگیەك بونیاد لە خۆ دەگرێت، کە گونجاندنێکی رێك و پێکی جیاوازی رەگەزەکانیەتی و نمونەی ئەم گونجاندنە رێك و پێکە، یەکێکە لە رەگەزەکانی چەمکی رێکخەر. دروست بوونی و دراسە کردنی بونیادی کۆمەڵایەتی، بەشی سێهەمی ئەم کتێبە باسی دەکات. ناچارین بۆ ئەم دیاریکاریەی باسمان کرد، بنەماکانی رێك و پێك کاری و چینایەتی و رێخستنی وەزیفەکان باس بکەین و بگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵە بناغەیی و گرنگەی کۆمەڵناسیی سیاسی کە لە میانەی بوونی دەسەڵات و هێز و سەرکردایەتی کردن و قەڵەمڕەوایەتیدا، لە نێو رێکخستنی کردارە ئاڵوگۆڕەکاندا دروست بووە. پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە جیاکاری لە نێوان کۆمەڵە کۆمەڵایەتیەکان و بونیادی کۆمەڵگا، بە نزیکی نەبێت دانانرێت. بۆ نمونە کۆمەڵگا بەراییەکان ئەگەر بێینە سەر دراسە کردنی، ئەوا کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن و رەگەزەکانی بونیادی کۆمەڵایەتیان تێدایە و کۆمەڵێك لەو فراوانیێتیەش لە خۆی دەگرێ، کە واتە لێرەدا، راڤە کردنی ئەم کۆمەڵە، راڤە کردنی کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە.

**لە** بەشی سێهەمی ئەم کتێبەدا، دواباسی رێکخەری کردارە ئاڵوگۆڕەکان دەکەین ئەوەندەی لە باسەکەدا دروست بێ. پێڕۆ بە تەنها شتێك نیە لە رەگەزی بونیادەکە، بەڵکو ناسینەوە جەوهەریەکەی ئەوەیە کە رەگەزی بونیادەکە کۆ شتێکی پەیوەستن و ملکەچیەکی ئاڵوگۆڕیان بۆ یەکتر هەیە وەك نمونەی زانستێکی هاوبەش. شێوەی دروست بوونی پێڕۆ وا دەناسرێ کە وەك جۆرە رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی رەفتار دەکات کە یەك کیانی یەکگرتوو دروستی کردوون و کاریگەرە بەو پەستان و فشارە دەرەکیانەی کە لە ژینگەکانیتر و رێکخەرەکانی دیکەوە دێت و لەگەڵ رەگەزە تایبەتیەکانی دیکەدا ئاڵوگۆڕی پەیوەندیی هەیە. بەم جۆرە دەبینین کە هەموو بەشەکانی ئەم کتێبە چارەسەری

جیاوازی دیاردەکان ناکات، بەڵکو خودی دیاردەکانت کە راڤەکەی تیا ئەنجامدراوە لە ئەوجی جیاوازیدایە. بەو لێکدانەوەیەی ئێمە، مەبەستی زانستی کۆمەڵناسی توێژینەوەی کۆمەڵە کۆمەڵایەتیەکانە لە بونیاد و دروست بوونیدا، دروست بوونێك کە لە سەرەتای رێکخەری کردارە ئاڵوگۆڕەکاندا باسمان کرد. لەم کتێبەدا لەسەر سێ رووە دەرەنجام پێ دادەگرینەوە کە شایانی لێك جیا بوونەوە نین، یەکەمیان پشکنەرانی سروشتی کۆمەڵە مرۆیی و رۆشنبیریەکان، پاشان تایبەتمەندێتی بونیاد، لە دوایشدا تایبەتمەندێتی رێکخستن.

## پیاچوونەوەیەکی گشتی

**لەبەر** ئەوەی ئەم کتێبە بەڵگەیەکی فێربوون درووست دەکات، پیاچوونەوەیەکی پوختمان پێ بەخشی کە شێوەیەکی بڕندە لەخۆ دەگرێ، نەك بۆ ئەوەی کە بە مەعریفە خۆمان نمایش بکەین و بە یاد هێنانەوەی کۆمەڵێك کتێب و سەرچاوە خوێنەر چەواشە بکەین، بەڵکو بۆ یاد هێنانەوەی هەندێك لەو کتێبانەی کە قوڵبوونەوەیە بە بابەتە لێکۆڵراوەکاندا. ئاماژەش بەوەی کە دەتوانرێ پیاچوونەوەی پوختتری تیا بکرێ بۆ باشتر قوڵبوونەوە لە کاتی پێویستدا.

بۆ تەواوکاریی ئەم کتێبە لە لایەنە کۆمەڵناسیە گشتیەکەدا، ئامۆژگاریمان خوێندنەوەی سێ سەرچاوەی دیکەیە کە خاوەنەکەی (Guy Rocher)ە و کتێبەکانیش:

Introduction a` la socialogie ge`ne`rale
Laction sociale , Lorganisation sociale
Le changement social, 1968 (Coll Points)

**کە** چەند لێکۆڵینەوەیەکی تیا دەبینینەوە کە تەواوکاری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە و ئاشنایە بەو ئاراستەیەی کە دەمانگێڕێتەوە سەر کۆمەڵێك شتی سوودمەند.

**چەند** تێبینی و خاڵێکی دیکەش هەن کە بەرێز (غمی رۆشمێ) لەسەری دواوە و ئێمە جگە لە سەرنجێکی کورت هیچی دیکەمان لەسەر نەوتووە، ئاماژەش بەوەی کە باڵکێشانێکی زۆریشی بەسەر کۆمەڵێك چەمکی کۆمەڵناسیی ئامریکاییدا کێشاوە، بە تایبەتی لە ژێر کاریگەریی پارسۆنز (Parsons)دا. لەگەڵ ئەوەش شارەزاییەکی باشی لە شێوازی کۆمەڵناسیی فەرانسەییدا هەیە.

**هەروەها کتێبی**

Coll. C “Elements de sociaiogie”, Henri Mendras. 1976

زۆر بەهای هەیە. بۆ تەواو کاریی ئەم کتێبە لە رووە دیاردە سیاسیە پەتییەکەوە، بگەڕێرەوە بۆ (R. Danil) لە کتێبی:

L`analyse Politique coutemporaine, tr, fr. 1973
M. Duverger, Introduction a la politique, 1964. (coll <Idee`s>)
R. Aron, Semocratie et totalitarism, 1965
Et G. Balandier, Anthropologie politiqie. 1967

بۆ بەراورد کردنی دیاردە سیاسیەکان لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا، پەنا ئەبەینەوە بەر کتێبی (کۆمەڵناسیی سیاسی) کە بە زمانی فەرانسەیی نووسراوە و هاوتای ئەو سەرچاوانەی دیکە کە ئاماژەمان پێدا، بە تایبەتی کتێبی:

R. G Shwartzenberg, socialogue, 1971.

کە دەوڵەمەندە بە زانیاری.

لەو دەست گوتارانەی دیکە کە لە بەخشینی زانیاریدا جێگەی دیارە، دەست گوتارەکانی:

(Jean- Pierremounier) _ (Jean Pierrencot) _ (Lescours de droit, 1972-1973).

پاشان ئاماژە بە کاری جوانی دیکە، کۆمەڵێك دەقی دیکەن کە (Pierre Birnbaum) کۆی کردوونەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیون:

2 Vol. 1971, Coll. <U2> , <fraucois>. Socialogie Politique francois chazel.

تاکە کەموکۆڕیش کە تیایدا بێت، دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی تەواوەتی پشتگوێ خستنی زانستی کۆمەڵناسیە لای مارکس و بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە پڕ بکەینەوە هەندێ خوێندنەوەی بەیاننامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگلس و (ئایدۆلۆژیای ئاڵمانی) مارکس وەردەگەرین (کە پێشڕەوتیەکی باشیان کرد)، پاشان کۆمەڵێك هەڵبژاردەکانی پاپایونۆ:

(K. Papaaioannou), Les 2e ed 1973 Maristes.

هەڵبژاردەکانیش:

Karl Marx oeuvres, <<H. Lefebvre>>
(N. Guterman, choisies, 1963. 2Vol. (coll. <<Idees>>).

## پەراوێزەکان:

1- Jean Piaget. Etudes socialogiques, Gene`ve 1965.
2- Georges Simmel, Soziologie, Berlin 1985.
3- Leo Pold von wise, System der soziologie, 2e. ed. Munich, 1933 (trad, anglais de la 1re ed. Systematic sociology, Newyork, 1932.

٤- بۆ چەمکەکانی ڕێکخستن و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان بگەڕێوە بۆ:

M. Rochebiave – Spenle. La uotion de role en Psycologie Sociale. 2e ed, 1969. R. Linton. Lefondement cuiturel de la Personalite. Trad. Fr, 1959. M. Banton, roles: An Introduction to the study of social Relation. London, 1965.

5- Jean Ullmo. Les consepts physiques. Daus Logique et connaissance scientifique. Sous la direction de Jean Piaget. Encyclopedie de la Dleiade. 1967. P, 637-638.

٦- بۆ ئەم باسە بگەڕێوە بۆ (P. Boudon)

Theries et daus la crise de la sociologie, 1971, et le numero special Economies et (chiers de l`l S.E.A) de 1973. “Structures mathematiques et structures du reel sciences humaines”

٧- بۆ ئەم قۆناغی ئەزموونگەریە بگەڕێرەوە بۆ رەخنەی:

P. Sotkin Teudaces et deboires de la socioligie americain. Tr. Fr. 1959.